ئامادەكرنی: نوسەیبە فەریح عبدالقادر

## ١- پرۆژەی لێدانی دووبیری قووڵ و ژووری پەمپ و پاسەوان و تۆڕی ئاوو خەزانی ئاو

ئەم پرۆژەیە لەلایەن كۆمپانیای ( **أكسان** ) ەوە جێ بەجێ دەكرێت ولەلایەن لیژنەیەكی تایبەتی یەكەی ئەندازەو پرۆژەكانەوە سەرپەرشتی دەكرێت و پرۆژەكە پێكهاتووە لە هەڵكەندنی دووبیری قووڵ ودروستكردنی ژووری پەمپ وساسەوان ودروستكردنی خەزانی ئاوو تۆڕی ئاوی پێویست بۆ سەرجەم بینا دروستكراوەكانی كەمپی زانكۆ لەبەرواری (٢٠١٣/٥/٢٢ ) كۆمپانیا دەستی بەكار كردووە , بودجەی پرۆژەكە (٣٤٦,٣١٠) هەزار دۆلارەو ماوەی پرۆژەكەش ( ١٨٠ ) رۆژە ڕێژەی كاری ئەنجامدراو ( ٦٠٪ )ە ... بەهۆی پێ نەدانی مۆڵەتی هەڵكەندنی بیرەكانەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی یەوە تاوەكو بەرواری (٢٠١٣/٨/١٥)كار لەهەڵكەندنی بیرەكاندا نەكراوەو دواتریش بەهۆی كێشەی زەوی كارەكە ڕاگیراو پاش هەوڵدانێكی زۆری بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەو پرۆژەكان لە بەرواری ( ٢٠١٤/٦/٢٠)دەستیان بەكاركردن كردەوەو دوای ئەوەش بە هۆی قەیرانی دارایی هەرێمەوە كۆمپانیا (٢٠١٤/١١/٣٠ ) ەوە كۆمپانیا بەنوسراوی فەرمی وتاك لایەنە كاركردنی لە پرۆژەكەدا ڕاگرتووە.




